www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9:47 28-10-2006

بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com

## ئایا کوردە کانی ئەرمەنستان، سێگۆشەی بێرمووداهە ڵی لووشێن!!!؟؟؟ ح. س. سۆران

ئەوانەی لە تەمەنی ئێمەمانان دان، زۆر باش لەبیریانە، کە کوردستانی گەورە، بە پێنج پارچە دەزانرا و پارچەی پێنجەم، کە کوردستانی داگیرکراوی یەکیەتی سۆڤیەت بو، دەکەوتە نێو کۆماری ئەرمەنستانەوە.

لەو کاتە دا کە زمان، فەرهەنگ و تەنانەت ناوی کورد، لە هێندێک لە پارچەکانی کوردستانی گەورە، وەک تریاک و هێرۆیین یاساغ و قاچاغ و قەدەغە بو، لەو بەشە چکۆلەیەی کوردستان، رادیۆی شاری ئێرەوان، هەمو رۆژان بە زمانی کوردی بەرنامەی بڵاو دەکردەوە، پیاوی وەک مامەستا حاجی جندی و کێ و کێ... دەیان کتێبیان بە زمانی کوردی دەنووسی و تەنانەت باسی ئەوەش بو، کە کۆمارێکی جکۆلووکەی کورد، لەوێ پێک هاتوە. رەنگە بۆ سەلماندنی ئەم باسە بەس بێ بڵێم، کە تا ساڵی 1980 ی زاینی، کە ئەز بەرگی هەوەڵی پەرتووکی کتێبناسی کوردم دە نووسی، ژمارەی ئەو کتێب و کتێبچانەی، لەو بەشەی کوردستان چاپ و بڵاو ببوونەوە، رەنگە بە قەت تەواوی بەشەکانی دیکە بو، چون ئەو کاتە، لە بەشی داگیرکاروی تورکیا { تورکستان }، ئێران و سووریا، چاپی چاپەمانی و کتێبی کوردی قەدەغە بو. بێجگە لەمانە، لە پارچەی پێنجەمی کوردستان، کاری شانۆگاری، هونەری و پەرەی فەرهەنگی کوردی گەشەی بو و بە بنەوەشتی کاری لەسەر دەکرا.

بەڵام بەداخ و کەسەرەوە نازانم چۆن بو، وردە وردە، ناوی پارچەی پێنجەمی کوردستانی گەورە لە قەڵەم کەوت و وەک شتێک ئەو بەشەی نیشتمان لە سێگۆشەی بێرموودا دا، غەرق بووبێ، یا خۆدای نەخواستە، سوونامی لێی دابێ، ناوی لە سەر زاران، پێنسان و لێنووسان، سرراوە و ئێستا هەر باس باسی چوار پارچەی کوردستانە و بەس!؟ بەڵام دڵنیام، کە هاو نیشتانگەلی کوردستانی گەورەمان، لەو بەشە دا، هەر چەند ناویان جوێ کراوەتەوە و هەڵ سپێردراوە، ، قەت دڵیان لە ئێمە جوێ نابێتەوە و هەر خۆیان بە پارچەی پێنجەمی وڵات دەزانن.

رەنگە کۆماری ماڵتا، لە نێو دەریای سپی نێوەراست { مێدیتێرانە }، بە قەت ئەو بەشەی کوردستان نەبێ، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و ناوچەی قەرەباغیش کە ئەو گۆسامەندەی لەسەر سازە، بە قەت ئەوێ نابێ.

لەسەر ئێمەش پێویستە، بە وتەی کوردی، ئەو خۆشک و برا هاوبەشانە، بهێنەنەوە سەر بەش و چی دی لەقەڵەمیان نەخەین، دەنا لە بەرانبەر دادگەری داوەری مێژودا، وەک هێندێک شتی زەقی دیکە، بێ وەڵام دەمێنینەوە و بە قازانجیشمان نیە. بە کورتی حەرزتان بکەم: " کوردستان پێنج بەشە، چوار بەش نیە ". نیشتمان بۆ بەخشین نابێ.

چەند ساڵ پێش، لەم بارەیەوە، ئەم هۆراوەیەم نووسیبو:

من لە مەیدانی ئەدەب دا، رەخشی هەستم زین ئەکەم،
ئاوی باغی شێعر ئەدێرم، ئێشکی رۆح ئاژین ئەکەم.
باوەکو نەخشەی گەڵاڵەی ماڵەکام پێنج خشتە کین،
بۆ لە خۆڕا، باسی چوار و هۆدەیی چوارین ئەکەم.
باو و باپیرم لە خەو دا، ژینی خۆیان بردە سەر،
حەسرەتی بەداغی کورد و پەرچەمی رەنگین ئەکەم.

تاران - پێنجی گەڵارێزانی 2706 { 2006) .